

# بوخچەیەك حەرفی وێڵ

رێبین ئەحمەد

(ب)

کازیوە

لەبەردەم بەردەسپییەکانی لێوار دەریا

ئافرەتەکەی.. هێورکردەوە..

شوێن پێی شەو

لەسەر تاوێرە مەیلەو سوورەکان..

چرنۆکی لەدڵی ئاسمان

شنەیەکی نیوە مردوو لەهەناسەی

دەنکە مرواریەکان رسکا..

گۆرانی بەسۆزی کەنار بۆ ماسییەکانی سەر جەستەی..

گزنگی یەکەمینی خۆر
گۆڕی دایکی لەنێو بەردەکان نیشان دا..

(و)
دوو کەلەسەری دوو منداڵ.. ئێسکی مەچەك،
تاڵێ قژی سووتاوی تۆی بخەمە سەر
یانە هی خۆر..
بۆ ئاوازێ کە نابیسرێ.. ..؟

(خ)
من.. .. دوورترین کەسم.. لەخۆم
دەرگاکان،
ببەستن..
شەو.. هەمیشە بەکلیلی رۆژ دێتە ژوورێ..
دەفێ.. لەپێستی یاخیبوون دروست دەکەم..
دەرگاکان.. بکەنەوە
هەر لەسنووری دەنگەکەوە..
رۆژ.. لەدوای شتێ دەگەڕێ..

(چ)
گەشتێکیتر.. بۆ دارستانەکانی
شەوێکی نوێ
پەلکە زێڕینەی بەجێماو لەهەناسەی
ئاسمانی تەزیوی
گوڵ..
چاوی ئاهێك.. لەنێوان دوو باڵی پێڵوو..

(ه)

من.. كراسیّ بۆ خۆم دەدروم

لەهەناسەی

ئەو خاكانەی.. ئادەمی پێی

لیّنەناوون..

پێنووسیّ لەگریان.. تا كتێبی چاوەكانم نەبن بەزیندان..

(ی)

زەمبیلەی گومان بۆ درەختەكانی

متمانە..

شەپۆلی بەخوڕی خەون.. بۆ نەوڕەسە

باڵی سووتاوەكانی كەناری

دڵ..

(یّ)

پێڵاوەكانی ئەوەتان

لەترسن..

بەدوای شوێن پێیەكانی

دا دەگەڕێی..؟

وەرەوە نێو ژانی رواڵەتەكانی قەدەری، با، و.. گویّ بگرە لەژەنینی كەمانچەی رووبار

بەپەنجەی.. تەپۆلكە بریندارەكانی ناوی..

(ھ)

گوڵی خەوم ئاونگی خەونی لیّ

دەتكیّ..

بارانێكە لەسنووری هەورە چقڵو

سپێدەیەكی

رەنگ خەیاڵ
لەنێو روناهی لەشی خۆم..

(ە)
هەڵمێ لەهەستم هەڵدەستێ
سنوورەکان
دەیتەننەوە..
کە لەنێوە خۆی پەرت دەبێ..
ماسییەکان
ئەم نووسراوە دەخوێننەوە:
(بێ ئاگاهی)

(س)
وەك بایێ..
حیکایەتی شەوم.. رۆژم
سەر بەسەر
گشت کولانکەو دەلاقەیەك دا دەکەم..
پەیژەی خەیاڵی
سواو بەشکانم.. بەدیوە خانە نەبینراوەکان
دەشتو کێوە.. بزربووەکان هەڵدەپەتیرم..
بینینم.. گیایێکی ووشکە
لەزەوی گشت دیمەنێ دەڕوێ..
دەمی سەرنجی ووشك بووم.. هەمیشە
لەبیابانی بینین..

(ت)
مانگێکی
شێوە داس کەلەمچەکراو

لەپشت هەورەکان دەرکەوت..
روناکیەکی
بەردایەوە،
قیژەی بێتاوانیَ دەنگی ماشێنەکانی
کز کرد،
وەك ئەستێرەیەکی داکشاو..
روناکیەکە
کەوتە سەربالٌی قیژەکەو.. بوو بە
پەلکەزێرینەی.. شیعر..

(و)
تەمەن.. پشکۆ میللی نێودەم ژمێری خۆلٌەمێش..
چاوەکانم
قووم لەجگەرەی دووبارەیی بینین دەدەن
لەتابووتی نەبینین و گلٌکۆی میللی کاتژمێری گەردوونی کوێر
چاوەڕوانیەکان دەنێژن.. تەمەن..

(یَ)
بەپارەی گولٌەکان.. زۆر دەولٌەمەندبوو..
چونکە ئێواران.. بەهۆی نەبوونی بازاڕی چەك گولٌ فرۆش بوو..

(لٌ)
من دوورترین کەسم لەخۆم..